Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC- 19

# بیناسازی گۆڕەکانی گوندی سەید خەلیل
# توێژینەوەیەکی مەیدانیە, نموونەی هەڵبژێراو

مهدی جلال مصطفى بەرزنجی[1] , جەزا شۆڕش حمەشریف[2], اسیا یونس عبدالرحمن[3]

1- بەشی شوێنەوار، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
2 -بەشی شوێنەوار، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
3- شوێنەوارناس

**پوختە:**

گوندی سەید خەلیل یەکێکە لە ناوچە شوێنەوارییە گرنگەکانی سەر بە قەزای کەلار، دەکەوێتە دووری (٧کم ) لە باکووری قەزاکە. ئەم گوندە نزیکەی ٢٤ گۆڕی گومەزداری تێدایە، کە شێوازی بیناسازیەکانیان جیاوازە. هەندێکیان شێوازی بیناسازی چوارگۆشەییە و هەندێکتریان شێوەیان بازنەییە سەقفەکەی بەگومەزی قوچەکی داپۆشراوە، جۆری سێیەمیان سەردا نەپۆشراوە. بەشی ناوەوە و دەرەوەی گومەزەکان بە تاق و کەوان و بە نەخشی ئەندازەیی ڕازێنراونەتەوە. ئەم یەکە بیناسازیانە تایبەتن بە گۆڕی بەگزادە وسەرۆکی هۆزی جاف و پیاوچاکانی سەید و شێخی ناوچەکە، و مێژووی دروستکردنیان بە بۆچوونی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆدە.
ئەم توێژینەوەیە هەستاوە بە دەرخستنی شێوازی نەخشەسازی جۆری گۆمەز و یەکە بیناسازیەکانی دیاریکردووە و جۆری ئەو کەرەستانەی بەکارهاتوو لە بیناکردنیان. بە گرنگ زانرا کە لەم توێژینەوەیەدا چەند نموونەیەکی جیاوازی بیناسازی گومەزەکان بخرێتە ڕوو، ئەمەش بۆ ناساندنی شێوازی جۆری بیناسازیەکە کە تایبەتە بەناوچەکی گەرمیان و جۆری گۆڕەکان کە نووسینی لە سەر هەلکۆڵدراوە وە تەرزی گۆڕەکانی ناوچەی گەرمیان و گوندی سەید خەلیل جیاوازە لە ڕووی شێوازی هەڵبەستن و دروستکردنی لە چاو ناوچەکانی تری کوردستان، وهەروەها هەندێک لەم گومەزانە نەخشی مرۆ{ و گیانەوەر لە سەر دیوارەکانی نەخشێنراوە .

| | |
|---|---|
| Received | April 2025 |
| Accepted | May 2025 |
| Published : | August 2025 |

**Keywords**

گومەز، بیناسازی گۆڕ، ژینگە، نۆژەنکردنەوە، گەشتیاری ئاینی

**Corresponding Author**

Mahdi.mustafa@univsul.edu.iq
jaza.hamasharif@univsul.edu.iq
asiay610@gmail.com

## پێشەکی:

### کورتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک وسێ تەوەرە پێکهاتووە، لە دەروازەدا بەشـــێوەیەکی گشـــتی باسی گومەز و مێژووی گومەز بە گوێرەی پەیدابوون لە سەردەمی ئیسلامیدا دەکەین.
تەوەری یەکەم: باس لە کورتەیەک لە مێژووی دەرکەوتنی گومەزو ئارامگە دەکەین لە مێژووی شـارسـتانیەتی ئیسـلامی ناوچەی کوردستان و باس لەشوێنی جوگرافی و ناوی گوندی سەید خەلیل و ناوچەی کەلار دەکات تەوەری دووەم: باس لە شێوەی نەخشە سازی گۆمەزەکان دەکەین کە لە گۆڕستانی سەید خەلیل دروستکراون و کەرەستەی بیناسازیەکەیان وشێوازەی گۆڕەکانی. تەوەری سێیەم: باس لە گۆڕستانەکە دەکەین لە ڕووی گەشتیاریی ئایینی چەند گرنگە بۆناوچەکە، هەروەها هۆکارەکانی تێکچوونی بەشێکی زۆری گومەزەکان دەخەینە ڕوو وەک هۆکارە ژینگەیی و مرۆییەکان  ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی تێکچوون  ورۆخانی زۆرێک لە گومەزەکان بەهۆکاری سروشتی بێت یان مرۆیی باسی لێوەکراوە.

### گرفتی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە مەیدانیەدا چەندین گرفتی مەیدانی هاتۆتە ڕێگامان دووری ناوچەکە  ڕوو خانی بەشـــێکی زۆری گومەزەکان و شـــکانی زۆربەی کێلە نووسراوەکان ، پیسی ـــ ناو گومەزەکان  پڕبوو لە خاشـــاک  تاریکی و ڕەش بوون و پیس بوونی ڕووی ناوەوەی گومەزەکان گرفتێکی گەورەی بەردەم وێنەگرتن و پێوانە کردن بوو لەکارەکەماندا ، نەبوونی سەرچاوەی پێوست سەبارەت بەمێژووی شـوێنەوارەکە، نەبوونی زانیاری دەربارەی ئەو کەسـانەی گومەزەکانیان دروسـتکردووە ، ئایا لەلایەن کارسـازی ناوخۆیی یان دەرەکی دروستکراوە، کێشەیەکی تر  نەبوونی زانیاریە لەسەر بەشێک لەو کەسانەی لە ناو گومەزەکاندا نێژراون بەهۆی شکان و نەمانی کێلی گۆڕەکان و هەروەها ڕوخانی بەشێکی زۆری بینازیەکان کە هەندێک جار کێلەکان بەهۆی ڕوخانی گومەزەکەوە شکاون یان کەوتونەتە ژێر پاشماوەی گومەزەکانەوە کە ئەمەش بۆتە هۆی لەناوچوونی ناوی کەسەکان و مێژووی مردنەکەیان، ئێمە لەم ڕێگایەوە دەتوانین بە نزیکی مێژووی دروسـت بوونی بیناسـازی  گومەزەکان دیاری بکەن ، توێژەر ناتوانێت بەئاسـانی مێژووی سـەردەمی بیناسـازی گومەزەکان دیاری بکات، بەشـــێکی زۆری لادێکانی کوردســـتان بەر شـــاڵاوی ڕاگواســـتن و چۆڵکردن بوون  کەســـە ڕەســـەنەکان شـــوێنەکانیان بەجێهێشـــتووە ئەمەش گرفتێکی ترە کە ناتوانرێت ئەو کەسـانە بدۆزینەوە کە شـارەزای مێژووی ناوچەکەن، هیوا خوازین ئەم توێژینەوەیە بێتە  سەرچاوەیەکی باش  بۆکاری نۆژەنکردنەوە دەرخستنی مێژووی بیناسازی گومەزەکانی گۆڕستانی سەید خەلیل.

### گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆناساندنی شێوازی بیناسازی ئارامگە و گومەزەکانی گوندی سەید خەلیل، توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەیدانی وئەکادیمی ئەنجامدراوە بۆناسـاندی مێژوو شـوێنی جوگرافی وتەواوی ڕەگەزە بیناسـازیەکان ونەخشـەسـازی گومەزەکان، سەرەڕای ئەوەی تاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی سەربەخۆ  وورد و زانستیانە توێژینەوە لەبارەی گۆڕو گومەزی گۆڕستانی گوندی سەید خەلیل نەکراوە، هەوڵمانداوە ئەوپاشماوانەی کەماون دیکۆمێنتیان بکەین، چونکەڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لە ناچوون دەچن.

### ئامانجی توێژینەوەکە

هەوڵمانداوە لەڕێی ئەم توێژینەوەیەوە بەشـــێک لەو گومەزانە تۆمار بکەین  تا بتوانرێت لە داهاتودا ســـودی لێ ببینرێت لە نۆژەنکردنەوەیاندا. گرنگیدان بەم ناوچەیە وەک شوێنێکی گەشتوگوزاری ئایینی.

### ١-١.  پێناسەو مێژووی دەرکەوتنی گومەز لە شارستانیەتی ئیسلامیدا.

گومەز ،گومبەد، ئارامگە (ضریـح(tomb) بۆ گۆڕی کەسایەتیەی ئایینی و خاوەن پێگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی یان کەسی ئاسایی بنیات نراوە لە ســـەر گۆڕی مردووە، لە ڕووی بیناســـازیەوە شـــێوەیەکی تایبەتی هەیە(ثويني،٢٠٠٥ ، ٥٠٥) پێکدێت لە دیوارو ملی گومەز و کڵاوی گومەز ، بەمە دەگوترێت  گومەزی ســـەرگۆڕ، هەروەها جیاوازی لە نیوان گۆڕو تربة: گۆڕ بریتیە لەو شـــوێنەی جەسـتەی مرۆڤی تیادا دەشـارێتەوە، پاش دەرچوونی گیان (روح)، لە زمانی کوردیدا جگە لە وشـەی گۆڕ  وشـەکانی گڵکۆ و ئارامگاش بەکاردێت.(علی،٢٠٢٠، ١٩)، بەڵام تربة (تربت) وشـــەیەکی عەرەبیە بە واتای زەوی یان خاک دێت(ابن منظور،٢٠١٦، ٤٣٣) لەهەمان کاتدا بە واتای گۆڕێکی شـێوە خانووی دێت کە هەیکەلێکی هەبێت بە شـێوەیەکی گشـتی گرنگی بە شـێواز و فراوانیەکەی نەدراوە (مەجید، ٢٠٢٣، ٤)، لەسـەردەمی  ئیسـلامدا چەندین پێکهاتەو شـێوازی جیاوازی گۆڕەکان  بە گوێرەی شـوێنی جوگرافیاو دابوونەریتی ناوچەکان دروستکراوە ، هەندێک شێوەکەی ئاسایی بوو  هەندێکی تر  پێکهاتووە  لە کۆمەڵێک بەردی کەڵەکە بوو یان خۆڵی کەڵەکە بوو، وهەندێکیان کێلیان  هەبوو  هەندێکی تر بێ کێل بوون.(رزق:٢٠٠٠، ١٧٤).

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەتای بنیاتنانی بینای گومەزدار لە سەدەی دووەمی کۆچی برەوی پێدراوە(جەواد،٢٠٢٣، ١٩)، کۆنترین گومەز لەسەردەمی ئیسلامی بریتیە لە گومەزی (سەلیبی) (قبة الصليبية) ئەم گومەزە لە شاری سامەڕا لە ساڵی (٢٤٥ک/٨٦٢ز) بۆ خەلیفە (المنتصر_بالله) خەلیفەی عەباسی دروستکرا، شێوەی هەشت لابوو، سەقفەکەی بریتی بوو لە گومەزێک.(رزق:٢٠٠٠، ١٧٤-١٧٥). هەروەها دواتر لە سەردەمی دەسەڵاتی فاتیمەکان زۆر گرنگی بە دروستکردنی گومەز دراوە لەسەر گۆڕ، چونکە مەزهەبی شیعە بەلایانەوە کارێکی ئاسایی بوو بە پێچەوانی ئەهلی سونە،لە نموونەی گومەزی فاتیمیەکان، گومەزی (السبع بنات) لەساڵی (٤٠٠ک/١٠١٠ز) دروستکراوە، شێوەکەی چوار گۆشەییە، سەقفەکەی بە گومەز داپۆشراوە، دیوارەکانی لەبەرد دروستکراون، ناوەندەکەی بە گەردنی قوبەکە ناسراوە لە خشت دروستکراوە،(ثويني: ٢٠٠٤، ٣٢٩).شێوازی دروستکردنی گومەزەکە لەبەشی ناوەوەی گۆشەی دیوارەکان دەبێت شێوەیەکی هەشت لا، ئەم گۆشانە لە شێوەی تاقی کەوانی نیو گومەزی دروست دەکرێن تاوەکو لە ڕووی ئەندازەیەوە بۆ بچووکردنەوە نزیک بوونەوەی گەردنی گومەزەکەو دروستکردنی کەوانی گومەزەکە ببێتە سەقفێک بۆ گۆڕەکە، زۆرکات تاقی کەوانەی نوک تیژ لە ناو دیوارەکان دروست دەکرێن بە مەبەستی جوانی یاخود بۆکەم کردنەوەی کەرەستەی بەکار هاتوو وکەم بوونەوەی هێز لە سەر بەشی خوارەوەی بناغەکەی دیوارەکان، زۆرکات تاقی میحرابی لە ناو دیواری قیبلە دروست دەکرێت، دەرگاکەی دەکەوێتە بەرامبەری (کریزویل: ٢٠٠٤، ١٤٣)

سەبارەت بە سەردەمی ئەیوبی گرنگی بە شێوازی بیناسازی گومەزی سەرگۆڕدراوە وەک گومەزی ئیمام شافعی لە قاهیرە لەوڵاتی میسر_ لە سەردەستی سوڵتانی ئەیوبی مەلیک کامل لەساڵی (٦٠٨ک/١٢١١ز) دروستکراوە. بە هەمان شێوە مەمالیەکەکان گرنگێکی بەرچاویان بە گومەزداوە بە شێوەیەکی گەورەو دروستیان دەکرد دەیان ڕازاندەوە بە نەخش و نیگاری ئیسلامی (رزق:٢٠٠٠، ٢٢٨). هەرچەندە لەڕووی ئایینەوە ئەم جۆرە بینایانە لەسەر گۆڕ دروست دەکرێن لە ڕووی شەرعەوە ڕێگە پێدراونیە، بەڵام هەندێک لە خەلیفە و ئەمیرو سوڵتانەکان ئەم کارانەیان ئەنجام داوە بە تایبەت وەک ڕێزێک بۆمانەوەی ناوی پیاو چاکان و کاربەدەستەکان وەک ڕەمزێکی زیندوو لە ژیاندا.

گومەزەکان بە دوو شێواز بینادەکران ، یەکەم بریتیی بوو لە ژوورێکی تاکە کەسی لەسەر گۆڕێک بینادەکرا، لە دەرەوەی شارە کان و ئاوایەکان یان لە ناو گۆڕستانەکان بە شێوەیەکی تاک ژووری بینادەکران، زیاتر شێوەیان چوار گۆشەیی بووە سەقفەکەی بە کلاوەیەکی گومەزی داپۆشراوە، زۆرکات ئەم گومەزانە ڕەنگ دەکران بە ڕەنگی سەوز کە هێمایە بۆ پیاو چاکان وگومەزری مزگەوتی مەدینە. جۆری دووەم ،گومەزی نەخشدار ئەم گومەزان لە تەنیشت مزگەوت و قوتابخانە ئایینەکان یان خانەقاکان دروستدەکران، سوڵتان و میرەکان لەم جۆرەیاندا پارەیەکی زیاد لە پێویستیان لە ڕازاندنەوە و نەخشاندنیاندا خەرجدەکرد، ، نافورەی ئاویان بۆ دروستدەکرد حەوشەو چواردەورەکەیان بە دارو گوڵ و گوڵزار دەڕازاندەوە ئەم شێوازە زیاتر لە ناوچەکانی هندستان لەلایەن سوڵتانە موسڵمانەکانەوە ئەنجام دەدرا، وەک تاج محل.(رزق: ٢٠٠٤، ١٧٥).

هەروەها لە کوردستان لە سەردەمە جیاجیاکاندا گرنگی دراوە بە دروستکردنی گومەز، کۆنترین نموونە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینی ئامێدی وەک گومەزی سوڵتان حسین بەگ لە کاتی مردنەکەی لەساڵی (٩٨١ک/١٥٣٣-١٥٧٣ز) دروستکراوە. گومەزی ڕۆشنا خانی خێزانی سوڵتان شێوەی گومەزەکان هەشت لاییە لە بەردی ڕێک دروستکراوە، ئەم گومەزانە تەنها بۆیەک کەس دروستکراوە لەبەر ئەوەی پێگەی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەبووە (ئالەیی: ٢٠٠٨، ١٥٢-١٥٧) بە پێچەوانەی گۆڕستانی سەید خەلیل زیاتر خێزانی و بنەماڵەیی بوون. هەروها لە ناوچەکانی هەولێر چەندین گومەزی هاوشێوەی گۆمەزەکانی سەید خەلیل ماونەتەوە کە بە خشتی سورەوەکراو دروستکراوەن وەک گومەزی گۆڕستانی بازاڕی نیشتمان یان سەربەست، چراغ، شێخەڵا گۆڕەکە تاکەکەسییە، گومەزی ئیمام محمد لە گۆڕستانی ئیمام محمد لەبەرامبەر منارەی چۆلی لەساڵی (١٨٥٠ز) نۆژەنکراوەتەوە هاو شێوەی گومەزەکانی سەید خەلیلە.(مصطفى: ٢٠١١، ٩٣-١٠٤)

هەروەها لەسەردەمی سلێمان پاشای کوڕی عبدالرحمن پاشای بابان لە سەر وەسیەتی خۆی لە دوای مردنی لەساڵی (١٨٣٨ز)لە گردی سەیوان نێژراوە لەسەر گۆڕەکەی گومەزێکیان بۆدروستکردوە هەرلەم شوێنەدا عائیشە خانی خێزانی نێژراوە.(بەرزنجی :٢٠٢٤، ٢١٩). گۆڕستانی باواشاسوار لە شاری کفری کە چەندین گومەزو ئارامگەی یەک نەفەری و خێزانی لێیە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، بەڵام لە ڕووی شێوازی بیناسازیەوە لە گەڵ ئەوانەی گوندی سەید خەلیل جیاوازیان هەیە، شێوەی نەخشە سازیان چوارگۆشەیی و لاکێشەییە، یاخود دوودانە بە یەکەولکێنراون، گومەزەکانیان لەسەر پایەو کەوانەکان جێگیرکراون بەشێوەیەکی گشتی دیوار نەکراون بە پێچەوانی سەید خەلیل، کەروستەی بیناسازی ئەم گومەزانە بریتیە لەبەردی قایەو گەچ و قسڵ.(خضر:٢٠١٦، ٣٢٤). لە ناوچەی هۆرین شێخان چەندین گومەزی شوێنەواری هەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆکۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە لە بەردە نارێک دروستکراون.

## ١-٢. شوێنی جوگرافی و مێژوو شاری کەلارو گوندی سەید خەلیل.

قەزای کەلار یەکێکە لە قەزا گەورەکانی پارێزگای سلێمانی لە ئێستادا بەناوەندی کارگێری ئیدارەی گەرمیان دادەنرێت یەکەیەکی ئیدارەی سەربە خۆیە دەکەوێتە بەشی باشوری رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، دووری لە پایتەختی هەرێمی کوردستان هەولێر(260کم) دەکەوێتە باشووری شاری سلێمانیەوە بە دووری (١٤٤کم)، دووری نێوان کەلاروکەرکوك (157کم)، دووری نێوان کەلار خانەقین (38کم)، (حەمید:٢٠١٩، ٣٣)کەلار لەنیوەی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە لەڕووی کارگێڕیەوە ناوی دەردەکەوێت. لەسەردەمی هۆزی جافەکانی ناوچەی گەرمیان گوندی کەلار دروست بووە، لەلایەن محمد پاشای جاف(1) (1281-1291ك/ 1866-1874ز)(مصطفی: ٢٠٠٧، ٧٦). نەخشەی ژمارە(١)

ناوچەی کەلار لەسەردەمی میر عبدالرحمان پاشای بابان (١٧٨٩-١٨١٣ز) بۆ سەقام گیرکردنی دەسەڵاتی خۆی توانی تیرەو هۆزەکانی جاف بکات بە هێزی سەربازی خۆی، تاوەکو دەست هەڵگرن لە ژیانی کۆچەری لەم پێناوەدا هەندێک زەوی بەخشیە تیرەو هۆزەکانی جاف لە ناوچەکانی پێنجوێن و قزرەبات، بەگوێرەی بۆچونەکان لەسەردەمی مەدحەت پاشای والی بەغداد (1869-1872ز) نیشتە جێبوون لەکەلار ودەوروبەری دەستی پێکردبێت. بەهۆکاری پەیدابوونی سیستەمی (تاپۆ) لە دەوڵەتی عوسمانی.(کریم:٢٠١٨، ١١٨).


بەگوێرەی بۆچوونە لۆکاڵیەکان ، گوندەکانی سەیدخەلیل ، بەرلووت ،شاکەلی ، کانی چەقەڵ، کۆکس ، برایم خان ، کەلاری کۆن، لە گوندە ئاوەدانەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم یان ڕەنگە پێشووتری کەلاری ئەمڕۆ ودەورو بەرین.

لەم ناوچانە چەندین تیرەو هۆزی جاف هەبوون لە وانە ،شاتری،عەمەلە، روغزایی ....هتد. یان عەشیرەتەکانی ناوچەکە وەک زەنگەنە، گێژو، زەند و باڵانی ئەم ناوچانەیان ئاوەدانکردۆتەوە.(کریم: ٢٠١٨، ١١٨)

لەساڵی (١٨٧٤ز) کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی زەوویوزاری ناوچەکانی کفری و خانەقین ..هتد. وەک زەوی میری بۆ فرۆشتن ڕاگەیاند، محمود پاشای جاف توانی چەندین پاچە زەوی بەرفراوان لە کەلارو دەوورو بەری بکڕێت، بەگزادەکانی جاف تاجەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤-١٩١٨ز) بوونە خاوەنی موڵکی ناوچەکانی کەلار و شێروانە، کانی چەقەڵ، سەید خەلیل..هید. هەروەها لقێک لە شاتریەکان کە بە ئیبراهیمی ناسراببون (محمود محمد ئیبراهیم) ڕێبەریان بووە لە نێوان ناوچەکانی شێروان وسەید خەلیل و باوەنووردا جێگیربوو (کریم: ٢٠١٨، ١١٩)

گوندی سەید خەلیل یەکێکە لە ناوچە شوێنەوراریە گرنگەکان سەر بە قەزای کەلار دەکەوێتە دووری (٧کم ) باکووری قەزاکە، لە سێ گوند پێکهاتووە، یەکەمیان گوندی سەیدخەلیل گڵاڵی لەلایەن دەروێش حسینەوە ئاوەدان کراوەتەوە، دووەمیان گوندی سەید خەلیل خەلیفە ناسراوە دەکەوێت نێوان هەردوو گوندی سەید خەلیل گڵاڵی و سەید خەلیل فەقێ مصطفی، لە لایەن خەلیفە محمدی مولود و حاجی صالح ئاوەدانکراوەتەوە، گوندی سەید خەلیلی فەقێ مصطفی لە لایەن فەقێ مصطفی ئاوەدانکراوەتەوە بە گوندی سەید خەلیلی سەروش ناودەبرێت لەبەر ئەوەی کەوتۆتە باکووری دوو گوندەکەی تر، هەروەها خاوەنی سەرچاوەی چەمی سەید خەلیل لە ڕۆژئاوای گوندەکەوە، چەمە سور دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی (احمد جاف،٢٠٢٥،١٩٥٤). نەخشەی ژمارە (٢). لەم توێژینەوەدا چوار نموونەی هەڵبژێردراو لە گومەزو ئارامگەکان دەخەینەڕوو.

[1] -محمد پاشا کوڕی کەیخسرەو بەگی زایر بەگە، لەساڵی 1230-1299 کۆچی لە دایك بووە دوای نەمانی باوکی لەساڵی 1244ك، دەسەڵاتی هۆزی جاف دەگرێتە دەست، کەسێکی ئازاو تێگەیشتوبووە گرنگی بەلایەنی بیناسازی ئاوەدانی داوە گردی شێروانە قەڵایەکی دروستکرد بەناوی قەڵای شیروانە ناوزەندەکراوە، بەرامبەر کەلار. مصطفی: نەریمان،(٢٠٠٧) شۆڕی ئیبراهیم خانی دەلۆ١٩٢٠،چاپی دووەم، گەرمیان،ل٧٦.




دابەشبوونی گوند و خێڵەکان لە کەلار و دەوروبەری لە سەدەی نۆزدەهەم

نەخشەی ژمارە(١) نەخشەی کەلارو گوندەکانی دەوروبەری،(کریم،٢٠١٨، ١٢٥)





نەخشەی ژمارە https://www.google. pl/maps/2025 گوندی سەید خەلیل

## ٢-١چوار نموونەی هەڵبژێردراو لە گومەزو ئارامگەکانی گۆڕستانی گوندی سەیدخەلیل.

### ١-.ئارامگای یەکەم.

ئەم ئارامگەیە دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەلاتی گۆڕستانی گوندی سەیدخەلیل خەلیفە، ئەم ئارامگەیە تایبەتە بە شوێنی ناشتنی بنەماڵەی کەریم بەگی فتاح بەگ سەرۆکی عەشرەتی جاف، لە ڕووی بیناسازیەوە ئەم ئارامگایە لە یەک ژووری بازنەیی پێکهاتووە، ئەم شێوازی نەخشەسازیەکەی یەکێکە لە جۆرە باوەکانی بیناسازی کە لە دروستکردنی ئارامگاو مەزراگەکاندا لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ بەکارهاتووە، لەبەر ئەوەی شێوازی دروستکردنی گومەزەکەی پێکهاتووە لە دیوار و گەردن (ملی گومەز ) ئەم شێوەی گومەزە لەڕووی پێکهاتەی بیناسازیە پتەوە و بەهێزە لە چاو شێوازی چوارگۆشەیی زیاتر بەرگەی بومەلەرزەو گۆڕانی کەش و هەوا دەگرێت، هەروەها لەڕووی کاریگەری باران بارین زیاتر بەرگە دەگرێت ئاو ناچێتە ناو دیوارەکانی و سەقفە گومەزیەکەیەوە، هەروەها لە ڕووی ئەندازەی دەنگە لە بەشی ناوەوەیی سەدای دەنگ ڕێکدەخات لە کاتی خوێندنی قورئان بۆمردووەکە یان لاونەوە بۆی (رزق، ٢٠٠٦ ). ئارامگاکە لە ژوورێکی بازنەیی پێکهاتووە تیرەکەی لە ناوەوە (٥،١٠ م) بەرزیەکەی( ٧ م )، بەرزیەکەی لە ڕووی دەرەوە( ٧،١٠م) ، لە دوو پشتوێنە و گومەز پێکهاتووە، پشتوێنەی یەکەم بە دیوارێکی بازنەی دەستێدەکات لە هەموویان فراوانترە ل لە بناغە و دیوار پێکدێت، بەرزی (١،٨٠م) ئەستوری دیوارەکەی (٥٥سم) لەبەشەدا، پشتوێنەی دووەمی (ملی گومەزەکە) لەسەر پشتوینەی یەکەم بنیاتنراوە بەرزیەکەی (٩٠)سم، ئەستوریەکەی(٣٠-٣٥)سم، هۆکاری ئەم بچووک بوونەوەیە لەڕووی ئەندازەی بیناساری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قورسایی کەم بکاتەوە لەسەر دیوارو بنەکەکەی تاوە کو دیوارەکانی توشی درزو تەقین نەبێت، و سەقفی گومەزەکە بەئاسانی بەیەک بگاتەوە. گومەزەکە (٤،٣٠م) بەرزە. بڕوانە وێنەی ژمارە (١)، ملی گومەزەکە و پانی دیوارەکەی کەمترە لە دیواری یەکەم بەهۆی ئەوەی کڵاوەی گومەزەکەی لەسەر بنیات بنرێت تا لە ناوەوە گومەزەکە بە ئاسانی بگاتەوە بەیەک پێویستی بە هیچ کەوانەیەک نەبێت بە پێچەوانەی بیناسازی ئارامگەی چوارگۆشەیی. ئەم شێو گومەزە نزیکە لە جۆری قوبەی قوچەکی یان (قبە بصلی)(رزق: ٢٠٠٠، ٧٣٧).




وێنەی ژمارە(١)
ڕووی دەرەوەی ئارامگای کەریم بەگی کوڕی فتاح بەگ
وێنە :توێژەر

دەرگاکەی ئارامگاکە کەوتۆتە لای ڕۆژهەڵاتەوە و بەرزیەکەی (١،٦٤)سم بەشی سەرەوی دەرگاکە کەوانەیە، پانی دەرگاکە (٩٢سم)، چواری چێوەی دەرگاکەی لە ناوەوە بە ئاسن دروستکراوە پێدەچێت دواتر ئەم دەرگا ئاسنە دروستکرابێت، بڕوانە وێنەی (٢-آ)، دەرگای ئارامگاو مەزارەکان بەگشتی بە شێوەیەکی نزم و تەسک دروست دەکرێن بە هۆی ئەوەی لە کاتی چونە ژوورەوە یەک کەس بتوانێت پیایدا بڕوات ئەمەش بۆ پاراستنی ئارامی ناو شوێنەکە بووە، هەروەها پاراستنی لە ئاژەڵ وڵاخی ناوچەکە، چونکە ناو ئەم ئارامگان لە هاویندا فێنکە تا نێتە شوێنی مۆڵنیان.

قوڵایی دەرچەی (مدخل) (١١٨)سم. بڕوانە وێنەی (٢-ب)،لە ڕووی باکوری بیناکە پەنجەرەیەکی چوارگۆشەیی هەیە (٣٥×٣٥) سم بەرزیەکەی لە ڕووی زەویەوە (٧٠)سم، قوڵایی پەنجەرەکە بۆ ناوەوە (١١٥)سم، ئەم پەنجەرە بۆ هەواگۆڕکێ بووە. بڕوانە وێنەی (٢-ج).




ج ب آ

وینەی ژمارە(٢)
وینەی دەرگاو دەرچە (مدخل) و پەنجەرەی ئارامگای کەریم بەگ پشان ئەدات
وینە : تویژەر

بەشی ناوەوی ئەم ئارامگایەروفاتی (٥) کەسی تیادایە، شێوازی گۆڕەکانیان چواگۆڕیان بە تەنیشت یەکەوەن، دوو گۆڕەکەی تریان بە جۆرێک هەڵکەندراون کە لەملاو ئەولایانەوە جێگای دوو گۆڕی تر ئەبێتەوە، (٤) گۆڕیان هەڵبەستراون یەکێک لە گۆڕەکان هەڵنەبەستراوە،

دووگۆڕیان کێلەکانیان لاکێشەیی قەبارە بچووکە و نوسینی لەسەر نیە.

## گۆڕی یەکەم.

تەنها ئەم گۆڕە کێلی لای سەری مردووەکە نوسینی لەسەرە بە خەتی نەسخ بە شێوەی دیار (بارز)وشەکان نوسراوە، بەرزی کێلەکە(٩١سم) پانیەکەی (٤٦)سم ئەستوریەکەی (٦)سم لە بەردی قایە دروستکراوە ، بروانە وێنەی (٣) : زانیاری سەر کێلەکە:-

| هو | الفاتحه | الباقي |
|---|---|---|
| ١-أمە قبری کریم بگی فتاح بگی | | |
| ٢-رئیسی ئیلی جافە لەرۆژی جمعە | | |
| ٣-ششی مانگی رمضان لەشاری کفری کۆچی | | |
| ٤-ماڵ اوایی کرد | | |
| ٥-لەساڵی ١٣٦٨ھ | | |



وێنەی ژمارە (٣)کێلی گۆڕی کریم بگی فتاح بگ
وێنەی توێژەرا

## گۆڕی دووەم :

ئەم گۆڕە کێلە کەیان شکاندووە تەنها لەبەشی خوراەوەییدا سێ دێر نووسین ماوە ناوی مردووەکە دیارنیە . بڕوانە وێنەی (٤).
بەزمانی کوردی و عەرەبی لەسەر بەردی مەرمەڕی سپی تۆمار کراوە.
پێدە چێت ئەم کێلی گۆڕە لە شارۆچکەی سەعید لەلایەن کمال ناوێکەوە کە کەخەڵکی سەعدییە بێت، لەکاری کێڵ تاشاین و نووسین و هەڵکۆڵین کاری کردووە.


| |
|---|
| ١-رئیسی ئیلی جاف بو حمد |
| ٢-ساڵی لەدایک بونی ١٩٠٤ م وفاتی کرد |
| ٣- لەساڵی ١٩٨٣ / لەرۆژی ١٠/١(٢٤ ذوالحجە 1403هـ |
| 4- کمال / السعدیة |



وێنەی ژمارە (٤)
کێلی گوری ناو ئارامگای کەریم بەگ
وێنە:توێژەر

## گۆڕی سێیەم:

کێلی لای قاچی ئەم کێلە نووسینەکانی دەست پێدەکات بە ئایەتێکی قورئانی و ناوی مردووەکەو ساڵی لە دایک بوون و مردنی لە سەر تۆمار کراوە، نووسینەکان بە شێوی نەسخ تۆمارکراوە لە هەشت دێڕ پێکدێت بە زمانی عەرەبی تۆمارکراوە. جۆری بەردەکەی قایە، ئەم جۆرەبەردە لەناوچەی کفری و شاخە کانی دەوروبەری بەردەستە لە کێلی گۆڕ و دیواری خانوودا بەکارهاتووە. وێنەی ژمارە(٥) . بە شێوەیە تۆمارکراوە .

| | |
|---|---|
| 1-الفاتحە |  |
| 2-کل من علیها فان ویبقى | |
| 3-وجە ربك ذو الجلال | |
| 4- والاکرام | |
| 5- المرحوم | |
| 6- محمد أمین کریم جاف | |
| 7- توفي في 4/28 /1965 م | |
| 8- ولد بسنة 1914 میلادیة | |
| | وێنەی ژمارە (٥)کێلی محمد امین کریم ، وێنەی توێژەران |

## ٢- ئارامگای دووەم .

دەکەوێتە لای باشـوری گۆڕسـتانی سـیدخەلیل خەلیفە، بە هەمان شـێوەی ئارامگاکەی پێشـوو لە ژوورێکی شـێوە بازنەیی پێکهاتووە، تیرەکەی لە ناوەوە (٥,٧٧)سم ، لە دەرەوەش (٧)م، ئەستوری دیوارەکانی (٦٧)سم، ئەم ئارامگایە تەنها دوو پشتوێنەی ماوەتەوە پشـتوێنەی یەکەم ، واتە دیواری یەکەم لەسـەر زەویەکەوە دەسـت پێدەکات تا بەرزی (٢,١٠)سـم، ئەسـتوری دیوارەکە زیاتر لە (٤٠)سـم، پشـتوێنەی دووەم (ملی گومەزەکە بەشی زۆری دیوارەکەی ڕوخاوە و نەماوە، بەرزترین شـوێنی دەکەوێتە لای باشـوری ژوورەکە و نزیک لە دەرگاکە بەرزیەکەی (٧٥)سـم و ئەسـتوری دیوارەکەی (٢٠)سـم، دەرگاکەی کەوتۆتە لای باشـورەوە، پانی دەرگاکە(٧٠) سم ، بەرزی (١١٠)سم، کەوانەی سـەردەرگاکە نەماوە، ئەم ئارامگایە لە خشت دروستکراوە پێوانەی خشـتەکانی

(٢٠×٢٤)،ئەستوری خشتەکان (٧)سم لەگەڵ خشتەکاندا ماددەی قسڵ بەکارهاتووە لە لە نێوان خشتەکاندا، قسڵ مەدەیەکی زۆر بەهێزە لە بەردی گەچی سوتاو دروستدەکرێت ،بەرگرێکی بەهێزی هەیە لە دروستکردنی بینا شوێنەواریەکاندا، لە ناوەوە و دەرەوەی بە گەچ ڕووپۆشکراوە، بەڵام بەهۆی کاریگەری کەش و هەوا زۆربەی ڕوپۆشە گەچیەکەی لە ناوچووە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٦) . ئەم گومەزە تەواوی بەشەکانی لە خشتی سور دروستکراوە، ونازانین خاوەنی ئەم گومەزە کێیە، هەروەها دیوارەکانی توشی شەق بوون درز بوونە تەوە ،بە هۆی کاریگەری کەش و هەواو باران بارین، هەروەها گۆڕەکانی ناوی هیچ شوێنەوارێکیان نەماوە ، بەهۆی دەستدرێژی کردنەسەر شوێنەوارەی گۆڕەکان لە لایەن گەشتیاران و زیارەتکاران.



وێنەی ژمارە (٦)
گومەزی شێوە بازنەیی
وێنە:توێژەر


## ٣- ئارامگای سێیەم.

ئەم ئارامگایە کەوتۆتە لای باشوری ڕۆژئاوای گۆڕستانی سەیدخەلیل خەلیفە، ژمارەیەک گۆڕێکی بێ کێلی تیادایە سەرەوەی گۆڕەکە کۆنکرێت کراوە هیچ زانیاریەکی لەسەر نیە، شێوەی نەخشە سازی بینای ئەم ئارامگایە چوارگۆشەیە جیاوازە لە دوانەکەی تر، درێژی دیوارەکانی ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاوا (٧،١٠)سم ، بەڵام درێژی دیوارەکانی باکور و باشور (٧،٣٥)سم، دەرگاکەی کەوتۆتە دیواری ڕۆژهەڵات، ئەم دیوارە چوار ڕاگر ی(طلعات ودخلات) هەیە لە ئێستادا سیانیان ماوە ڕاگری گۆشەی باشوری ڕۆژهەڵات ڕوخاوە، بەرزی ڕاگرەکان (٢،٩٠)سم و پانیەکەیان (٥٤)سم (١٠)سم ئەستوریەکەیان(١٠)سم. ئەم ڕاگران بۆ دوو مەبەست دروستکراون ، یەکەم بەمەبەستی جوانکردنی ڕووی دیواری دەرگاکە، دووەم بۆ بە هێزکردنی دیوارەکە مانەوەی بە پتەوی، بڕوانە وێنەی ژمارە (٧)





وێنەی ژمارە (٧)
ڕووی دەرەوەی دیواری باشور و ڕۆژهەڵاتی ئارامگایەکی چوارگۆشە لە گۆڕستانی سیدخەلیل
وێنە:توێژەر

نەخشـــەی ئەم بینایە لە ڕووی ناوەوە لە هەرگۆشـــەیەکی دیوارەکانی چوار نیوە تاق هەیە، کاری ئەم نیوتاقانە یاخود نیو کەوانانە بریتیەلە بچووکردنەوە و وێک هاتنەوەی سەقفی گومەزەکە، تاوەکو بەئاسانی بەشەکانی بنکەی گومەزەکەو سەرەوەی گومەزەکە بچووک بێتەوەو بگەیێنرێتەوە بەیەکتری، لە کۆتـاییـدا گومەزەیێکی نیو بـازنیی یـان قوچەکیمـان بۆ دەردەچێـت بە شـــێوەیەکەی ئەندازەیی، هەروەها بۆ دابەشـکردنی ئەو هێزەی دەکەوێتە سـەر دیوارەکان بەیەکسـانی دابەشی بکات بە سـەر دیوارو زەویەکەدا، هەروەها ئەم نیو کەوانانە جوانی دەبەخشـنە ڕووناوەی گومەزەکان، ئەم شـێوازە لە وڵاتی فاس و میسری کۆن و بیناسـازی بێزەنی و لە سەردەمی ئیسلامی بەکارهاتووە، ئەم شێوە تاقیە کەوانەییان زیاتر لە بیناسازی چوارگۆشەدا بەکاردێت(رزق،٢٠٠٠، ١٩٠-١٩١). بەرزی ئەم نیوەتاقانە (٢٠٥)سم پانیەکەی (٢٠٧)سم ، قوڵیەکەی (٢٤)سم وکۆتاییەکەیان نوک تیژە (مدبب) بڕوانە وێنەی ژمارە (٨).




وێنەی ژمارە(٨)
شێوەی نیوە تاق (کەوانە) لە ڕووی ناوەوەی ئارامگا چواگۆشەییەکی گوندی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

جگە لەم چوار نیوە تـاقە، چوار تـاق تر هەیەی کە بەرامبەر بە یەکترین ،کۆتـاییەکەین کەوانەی نوکتێژن بەمەبەســتی جوانی دروستکراون، بەرزی ناو تاقەکان (٢،٥)سم و پانیەکەیان (٢٧٤)سم وقوڵیەکەین (١٥)سم.بڕوانە ئەم تاقانە لە زۆر بە بیناسازی ئیسـلامیدا دروسـت دەرکین بە مەبەسـتی جوانی و کەمی بەکار هێنانی کەرەسـتەی بیناسـازی ، کەم کردنەوەی هێز لەسـەر بنکەی دیوارەکان وێنەی (٩).




وێنەی ژمارە (٩)
شێوەی تاق (کەوانە) لە ڕووی ناوەوەی ئارامگا چواگۆشەییەکی گوندی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

کۆتایی دیوارەکەو ملی قوبەکە زنجیرەیەک نەخشی ـ ئەندازەیی شـێوە لەبزینەی کەلە مادەی گەچ دروســتکراوە، هاو شــێوەی موقەرنەسات، بەزاراوەی شوێنەواری پێی دەگوترێت شێوە خانەی هەنگی ، لە مزگەوت و باڵەخانە کانی سەردەمی ئیسلامی بۆجوانی درستکراوە. هەروەها هاو شێوەی ئەم جۆرە نەخشانە لە گومەزو ئارامگەکانی گۆڕستانی باوە شاسوار لەکفری بەکارهاتووە. وێنەی ژمارە (١٠).




وێنەی ژمارە (١٠)
نەخشی ئەندازەیی شێوە لەبزینەی لە ناوەوەی ئارامگا چوارگۆشەییەکەی گۆڕستانی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

یەکێک لەم کەوانانە کەوتۆتە ناو دەرگای ئارامگەکە، ئەم کەوانە دوو کەوانەی نوکتیژ لەخۆدەگرێت، کەوانەی یەکەم هاوشێوەی کەوانەی بەرامبەریەتی، بەڵام کەوانەی دووەم بەرزیەکەی (١٧٥)سم، نوکتیژە، پانیەکەی (١٢٠)سم، قوڵیەکەی (٢٥)سم بەرزی دەرگاکە (١٢٥)سم ، پانیەکەی (٨٥)سم، شێوەکەی نیوە بازنەییە، ئەستوریەکەی ٤٠سم، بڕوانە وێنەی ژمارە (١١).




وێنەی ژمارە (١١)
دەرگا و کەوانە (تاق) ی دەوری دەرگا لە ڕووی ناوەوەی ئارامگا چوارگۆشەییەکەی گۆڕستانی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

نێوانی تاقە کەوانەییە نوکتیژەکان بەنەخشی_ لەبزینەی ڕازێنراوەتەوە، بەرزی بیناکە تا ملی قوبەکە (٢,١٠)سم، تیرەی ملی قوبەکە (٥,٩٠) سم، لە ناو ملی قوبەکەدا هەواکێش هەیە بۆڕووناکی و هەوا بەکارهاتووە، لە ئێستادا یەکدانەیان ماوە پێوانەکەی (٣٠×٣٥)سم، ئەم ئارامگایە لە بەردوو خشت و قسڵ دروستکراوە، ناو کەوانەکان گۆشە تیژەکانی قامیشی_ تیابەکارهاتووە بۆ ئەوەی لە کاتی ڕوو پۆشکردنی بەگەچ گۆشەکانی ڕێک و تیژ دەربکەوێت، بەکارهێنانی قامیش لە کوردستان لە خانووە شوێنەواری و کەلەپوریەکاندا باوبووە لە خانووەکانی قەڵای کەرکوک و هەولێرو گومەزەکانی گۆرستانی باواشاسوار بەکار هاتووە، لە سەر ڕووی دیواری دەرەوەو نێوان قوبەکە پانتاییێک هەیە لە گۆشەکانی تا ملی قبەکە (٢٠٠)سم، بەڵام لە ناوەڕاستیدا (٥٥)سم، بڕوانە وێنەی ژمارە(١٢)




وێنەی ژمارە (١٢)
بەشی سەرەوە (سەربانی) ئارامگا چوارگۆشەییەکەی گۆڕستانی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

## ٤- ئارامگای چوارەم، شێرە گڵاڵی.

ئەم ئارامگایە دەکەوێتە لای باکوری گۆڕستانی گوندی سەید خەلیل گڵاڵی نزیک بە ئارەمگەی سەید خەلیل، بەئارامگەی شێرەگڵاڵی ناسراوە بەڵام هیچ زانیاریەکی دروست لەسە ناوی ئەم ئارامگەیە نیە، بە بۆچوونی خەڵکەی ناوچەکە، شێرە گەگڵاڵی خاون کە سایەتێکی بە هێزی هەبووە خاوەنی دیوەخان و پێگەی کۆمەڵایەتی بووە(ئەحمد:٢٠٢٥، ١٩٥٤)، لە ناو ئارامگەکەدا چوار گۆڕ هەیە یەکێکیان شێوەکەی هەرەمی هەیە سەکۆیەکی شێوە سێ پلەیی کۆنکرێت کراوە . گۆڕی دووەم لە شێوەی سەکۆی سێ پلە دروستکراوە بە بێ کێل، ئە جۆرە تەرزی گۆڕە تایبەتە بەناوچەی کەلارو کفری، لە گۆڕستانی باواشاسورا ئەم شێوازە لە گۆڕی مودەرەج یان شێوە هەرەمی دروستکراوە، پێدەچێت ئەم تەرزە لە وڵاتی ئێرانەوە بڵاو بوویێتەوە، مێژووەکەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەخمینی پاشاکانیان، گۆرەکانیان لەسەر چەند چینێکی بەردی مودەرەج دروستدەکرد.

ڕووی دەرەوەی ئارامگاکە شێوەیەکی چوارگۆشەیی هەیە درێژی دیوارەکانی باکور و باشور (٧,٩٠)سم، درێژی دیوارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (٧٧٠)سم، بەرزی دیوارەکانی بەبێ گومەز (٢٧٠)سم، دەرگاکەی کەوتۆتە ناو دیواری باشور ، لەم دیوارەدا (٦) ڕاگر (طلعات و دخلات) هەیە پانی هەر ڕاگرێک بەبێ گەچە (٣٠)سم قوڵیەکەی (١٠)سم، نێوانی هەر ڕاگرێک بۆ ڕاگرەکەی تر




وێنەی ژمارە (١٣)
ڕووی پێشەوەی ئارامگای شێرە گڵاڵی لە گۆڕستانی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر


(١٠٠)سم. بڕوانە وێنەی ژمارە (١٣)

بەرزی بیناکە لە زەویەوە تا کۆتا خاڵی گومەزەکە (٤,٢٠) سم، لە هەر چوارلای سەربانی مەزارەکە ڕاگر دروستکراوە بەمەبەستی بەهێزکردن و بەستنەوەی گومەزەکە لە داڕووخان. درێژی ڕاگرەکان تا لای گومەزەکە (٢٢٠)سم، بەرزیەکەی (٥٠)سم و پانیەکەی لەسەرەوە (٤٣)سم بەڵام بەشی ژێرەوەی ئەستورترە، ئەم شێوازە لە پاڵپشت لەبەشی سەرەوەی دیوارەکان و نێوان گومەزە نیو تۆپیەکە یەکەم جارە لە کوردستان بەکارهاتووە. پانتایی نێوان گومەز و دیوارەکە لە ناوەڕاستی بیناکەدا لە بەشی سەرەوەدا تەنها (٥٠)سم وێنەی ژمارە (١٤).




وێنەی ژمارە (١٤)
گومەز و ڕاگی گومەز و بەرزی دیواری ئارامگای شێرەگلالی لە گۆڕستانی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

دەرگاکەی دەکەوێتە ناوەڕاستی دیواری باشوری ئارامگاکە بەرزیەکەی (١٥٠)سم، پانیەکەی (٧٦)سم، و قوڵی دەرگاکە (٣٠)سم، بەشی سەرەوەی دەرگاکە لە دیوی دەرەوە کەوانەییە، بەڵام لە دیوی ناوەوە لە دوو کەوانە پێکهاتووە ،کەوانەی یەکەم کەوانە گەورەکەیە کە بۆ جوانی دروستکراوە، کەوانەی دووەم دەکەوێتە ناو کەوانەی دووەم بەرزیەکەی (١٨٤)سم ،پانیەکەی (١٣٤)سم، بروانە وێنەی ژمارە(١٥)، دوو پەنجەرەی هەیە کە بۆ هەواگ ۆرکێ بەکارهاتووە، لە بەشی خوارەوەی گومەزەکە دروستکراوە (١٠×١٠)سم.




وێنەی ژمارە (١٥)
دەرگاو کەانەی دووەمی دەوری دەرگا لە ئارامگای شێرەگلالی لە گۆڕستانی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

ئارامگاکە لە ناوەوە شێوەی گۆڕاوە بۆ بازنەیی، لە هەرچوارگۆشەکەیەوە چوار نیوە تاق دروستکراوە بەرزیەکەیان (٢١٠)سم پانیەکەیان (٢٦٠)سم، قوڵیەکەی (٨)سم، ئەم نیوە تاقانە بۆ ئەوە دروستکراون لە لایەک شێوەی بیناکە ئەگۆڕێت بۆ بازنەیی هەروەها بەهۆی ئەم نیوە تاقانەوە ژورەکە بچوکتردەبێتەوە بە شێوەیەکی ئاسانتر گومەزەی بازنەیی لەسەر دروستدەکرێت لە هەمانکات ڕاگرێکی بەهێزدەبێت بۆ گومەزەکە و شێوەیەکی جوانیش دەبەشیت بە ئارامگاکەبڕوانە وێنەی (١٦).




وێنەی ژمارە (١٦)
نیوە کەوانە (تاق) و نەخشی لەبزینەیی لە ئارامگای شێرەگڵاڵی لە گۆڕستانی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

جگە لەم نیوە تاقانە چوار کەوانەی بەرامبەر بەیەکی تیادایە کۆتاییەکەیان نوکتیژە، بەمەبەستی بجوانی دروستکراوان، بەرزیەکەیان (٢٢٥)سم، پانیەکەیان (٢٨٣)سم، قوڵی (٢٠)سم، نێوانی تاق و نیوە تاقەکان شێوەیەکی لەبزینەیی جوانی دروستکردووە.بڕوانە وێنەی (١٧)




وێنەی ژمارە (١٧)
کەوانەی رووی ناوەوەی ئارامگای شێرەگڵاڵی لە گۆڕستانی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

لە ناو ئارامگاکەدا چەندی وێنەی جۆراوجۆری ئادەمی و ئاژەڵی و ئەندازەیی و ڕوەکی بە شێوەی تەجریدی نوکتیژەوە لەسەر گەچەکە کێشراون، بەشێوەی شوخت، سەردەم و هۆکاری کێشانی ئەم وێنانە نازانرێت. بەڵام بە بۆچوونی توێژەران پێدەچێت ئەم وێنانە لەکاتی دروستکردنی بیناکە لەلایەنە خەڵکی گوندەکەوە دروست کرابێت، پێش ئەوەی گەچی سەر دیوارەکان وشک بێتەوە وێنەکانی کێشاوە، بە بۆچوونی توێژەران ئەم وێنانە لەلایەنی کە سێکەوە دروستکراوە کە پیشەی شوانی بووە یاخود ڕاوچی بووە، وێنەکان برییتیە لە ئاسکی کێوی ، بزن و سەگ و ڕێوی ، ئەسپ و وێنەی مرۆڤ دارو درەخت، وێنەی خەوشی ئاژەڵ.وێنەی ژمارە(١٨)



وێنەی ژمارە (١٨)
وێنەی مرۆڤ لە ئارامگای شێرەگلالی لە گۆڕستانی سەید خەلیل
وێنە :توێژەر

## ٢-٢ کەرەستەی بیناسازی گومەز و ئارامگەکانی سەید خەلیل.

ئەو کەرەستانەی لە دروستکردنی ئارامگاکاندا بەکارهاتووە کەرەستەی خۆماڵیە، کەرەستەکان بریتین
یەکەم: بەردی لمی یەکێکە لەکەرەستە بنەڕەتیەکانی بیناکان لە دروستکردنی بناغە ودیواری هەندێکیان بەکارهاتووە، سەرچاوەی ئەم بەردانە دەکەوێتە نزیک گۆڕستانەکە، ئەم جۆرە بەردە لە دروستکردنی کێلی گۆڕی گۆڕستانەکەدا بەکارهاتووە.
دووەم :بەردی خڕیان بەردی چەوی، ئەم جۆرە بەردە سەرچاوەکەی لە چەمی سەید خەلیل و چەمەکانی دەووروبەرەوە هاتووە لە ناوکاری دیوارەکان بەکارهاتووە، بەردە گەورەکان لە دروستکردنی دیواری هەندێک لە گومەزەکان بەکارهاتووە، ئەم بەردە زۆر بە هێزو خۆڕاگرە. بەرگەی کەش و هەوای ساردو و گەرم دەگرێت ، بەپێچەوانەی بەردی لمی .
سێیەم. خشتی سور، کەرەستەی سەرەکی هەندێک لە گومەزەکانە تەنها خشتی سور لە دروستکردنی هەندێک لە ئارامگاکاندا بەکار هاتووە پێوانەی ئەم خشتانە جیاوازە هەندێکیان (٣٠-٣٠)سم، شێوە چوارگۆشەین، جۆری دووەم (٢٧-٢٠سم)، بە گوێرەی بۆچوونی ئەحمدی حاجی ساڵح ئەم خشتان لەشاری کفری و شاری کەرکوکەوە هاوردەکراون بە بۆچونی ناوبراو ناوچەی کەلار لە وسەردەمەدا هیچ کورەیەکی خشت یان گەچی نەبووە، هەروەها زۆر بەی وەستاکانیش هەر لەشاری کەرکوکەوە هاتوون بۆدروستکردنی چونکە وەستای بە ناوبانگیان هەبووە لەوبوارەدا.
چوارەم . قسڵ وگەچ، ئەم دوو کەرستیە لە دروستکردنی دیوارەکان و ڕوو پۆشکردنی ڕووی دیوارەکان وگومەزەکان بەکارهاتووە. قسڵ بەکارهاتووە بۆ بەستنەوەی خشتەکان و بەردەکان و ناوەخنەکەی و ڕوو پۆشکردنی دیوارەکان، گەچ بەکار هاتووە بۆسواخدان و ڕووپۆشکردنی دیوارەکان و جوانکاری ناو گومەزو تاقەکان، شێوازی بەکارهێنانی ئاسانترە لە قسڵ ، سەرچاوەی ئەم دووکەرەستیە شاری کفری بووە ، چونکە کفری لە دێر زەمانەوە کخاوەنی کورەی قسڵ و گەچیان بوون ناوچەکەیان کانگای بەردی گەچ و قسڵ بووە.
پێنجەم . بەکارهێنانی قامیش لە چێوەی کەوانەو تاقەکاندا بۆ ڕێککردن و دەرخستنی لێوی گۆشەکان بەجوانی ، ئەم کەرەستیە لە چەمی سەید خەلیل و چەمی سیروان بە ئاسانی بەردەستبووە بۆ بەکارهێنان.

## ٣-١. لەڕووی گەشتیاری ئایینیەوە .

گۆڕستانی سەید خەلیل سەرەڕای ئەوەی کە شوێنێکی شوێنەواری گرنگە بۆتە ناو چەیەکی گەشتیاری بۆخەڵکی ناوچەکە، خەڵکی سەردانی شوێنەکەدەکەن بە دوومەبەست، یەکەم : لایەنی ئایینی بەمەبەستی پیرۆزی شوێنەکە چەندین پیاوچاکی لێنێژراوە، داوای نزاو شیفا وچارەسەر لەم پیاوچاکانە دەکەن تا چارەسەری گرفت و نەخۆشی و کێشەکانیان بۆ بکەن، خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری گوندەکانی کەلارو ناو شاری کەلار و دەوروبەریەوە سەردانی ئەم گۆڕستانەدەکەن.

لەو پیاو چاکانەی لەم گۆڕستانەدا نێژراوە، سەید خەلیل، بە بۆچونی خەڵکی ناوچەکە سەید خەلیل پیاوێکی ئایینی خواناس بووە و خاوەنی ئاشێکی ئاوی بووە خەڵکی گەنم و دانەوێڵەیان لا هاڕیووە، بە تایبەت شوانکارەو گوندەکانی دەوروبەری، تاوەکو ئێستا خەڵکی بە مەبەستی شیفا و چارەسەری نەخۆشی و منداڵ بوون سەردانی گۆڕی ئەم زاتە دەکەن. بە بۆچونی کاک ئەحمد جاف، دەڵێت مێژووی ئەم گۆڕستان و گومبەزە دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٧٠٠_١٧٥٠)ز ،کۆنترین و گەورەترین گۆڕستانی ناوچەی گەرمیانە، هەرکەسێک لە ناوداران و بەگزادەکانی جاف وەفات بکات دەیهێننەوە بۆ ئەم گۆڕستانە، هەروەها گومەزی سەید خەلیل

چەند جارێک نۆژەنکراوەتەوە لەلایەن خەڵکی خێرخوازەوە، جارێکیان بەر هەورە بروسـکە کەوتووە لەسـەردەسـتی وەسـتا (علی جاف)کەخەڵکی کفری بووە چاکراوەتەوە، ئەم گومەزە لەسـەر پاشـماوەی گردێکی شـوێنەواری دروسـتکراوە (چاوپێکەوتن : ئەحمد،١٩٥٤،٢٠٢٥) .

گۆڕی پیاوچاک (حاجی مەلا مصـطفی) وێنەی ژمارە(١٩)،یەکێکی ترە لەو گۆڕانەی خەڵکی بە مەبەسـتی شـیفاو چاک بوونەوە دێنە سـەری خۆڵەکەی بەکاردەهێن دەی کەن بە قوڕ، بۆنەخۆشی کەچەڵی و گەڕی و ئازاری جومگە و قاچەکان بەکاری دەهێنن. بەڵام مێژووی لەدایکبوون و مردنی ئەم کەسایەتیە دیارنیە ، بە بۆچوونی خەڵکی گوندەکە ئەم پیاوچاکە پێش سەد ساڵێک هاتۆتە ئەم ناوچەیەو لێرە ژیاوە وکۆچی دوایی کردووە . گۆڕی حاجی مەلا مصطفی ،گومەزی بۆنەکراوە تەنها بە وشکە کەڵەک چواردەوری گیراوە سەرگۆڕەکەشی بەبەردی لمی ناوچەکە داپۆشراوە دەکەوێتە نزیک ڕێگای گوندی سەید خەلیلی فەقێ مصطفی (چاوپێکەوتن : خالید گەرمیانی، ١٩٧٨). گۆڕی پیاوچاک (شێخ حسنی ناوجاف) یەکێک بووە لە پیاو چاکانی هۆزی جاف کەسێکی ناودار بووە لە ناوچەکە، لە کۆنترین ئەو گۆڕانەی کە مێژووی لەسـەرتۆمارکراوە لەم گۆڕسـتانە پێدەچێت لە نەوەی ئەم شـێخ حسـین بێت ناوی شێخ علی شێخ مستەفای کوڕی شێخ حسین لە ساڵی (١٣١٨ک)مردووە. هەروەها گۆڕی شێخ وەهابی شێخ حسن بەرزنجی لەم گۆڕستانە نێژراوە . گۆڕی ئەم پیاوچاکانە وای کردووە خەڵکی بە مەبەستی گەشتی ئایینی سەردانی بکەن.



وێنەی ژمارە (١٩)

گۆڕی حاجی مەلا مصطفی گۆڕستانی سەید خەلیل

وێنە :توێژەر

هەروەها چەندین کەسـایەتی ناوداری لە سـەرۆک هۆزی جاف لەم گۆڕسـتانەدا نێژراوە ، وەک(کەریم بەگ و داودبەگ) سـەرۆکی هۆزی جافەکان بوون ،هەروەها گومەزی شـێرە گڵای کە لە ناودارانی هۆزی جاف بووە هەرلەم گۆڕسـتانە نێژراوە، ئەم گۆڕسـتانە بەلای جافەکانەوە جێگایەکی تایبەتە بۆیە لە ڕۆژانی هەینی خەڵکی سـەردانی ئەم گۆڕسـتانە دەکەن بە مەبەسـتی کات بەسـەر بردن، ئەگەرچی لەسـەرەتا باسـمانکرد سـەردانی کەرانی ئەم گۆڕستانە بەمەبەسـتی ئایینی و شـیفادین بەڵام ، هۆکاری دووەم بەهۆی کەشـوهەوای جوانی ناو گۆڕسـتانەکە و گوندەکەیە کە سـەرچاوەی ئاوی باشی هەیە جۆگەکێشی بۆ کراوە و بە ناو گۆڕسـتانەکەدا دەڕوات، بوونی دارو درەختێکی زۆر لە گۆرستانەکە بۆتە شـوێنی سـەیرانکردن و حەوانە وە گونجاوە بۆ خەڵکی لە ڕۆژانی پشـوەکان و بۆنەکان بۆ سـەیران دەڕژێنە ئەم جێگایە، هەروەها لە کۆتایەکانی وەرزی زسـتان و مانگەکانی بەهار ناوچەکە یەک پارچە سەوزدەبێت کەشووهەواکەی زۆر گونجاوە بۆگەشتیاران. یە کێکی تر لە هۆکارانەی کە خەڵکی سەردانی ئەم ئە گومەزو گۆڕسـتانەدەکەن ئەوەیە کەلە دابوونەریتی خەڵکی ناوچەی گەرمیان و خانەقین ئەوەیە لە کاتی جەژنەکان و بۆنەکان بۆگەشـت دەچنە مەزارگەو شـوێنە پیرۆزەکان جابە مەبەسـتی زیارەت یاخود بەمەبەسـتی خۆشی دورکەوتنە لە ناو شـارو بەسـەر بردنی کاتێکی خۆش لەم جێگا ئایینی و شوێنەوارییانە. هەروەها لە ڕووی بیناسازی شوێنەوارییەوە شێوازێکی سەرنج ڕاکێشی داوە بە ناچەکە بۆتە جێگای سـەرنجی گەشـتیاران بۆکات بەسـەربردن، لە ئێسـتادا ئەم گۆڕسـتانە بەردەوام مردووی لێدەنێژرێت ، بەتایبەت بەلای خێڵی جافەکانەوە بە شوێنی موبارەک و مێژووی خۆیانی دەزانن.

هەروەها پێویستە لە ڕووی گەشتیاری ئەم ناو چەیە گرنگی پێبدرێت، بە نۆژەنکردنەوەی سـەرجەم گومەزو گۆڕەکان پاراسـتنیان لە تێکدان و لابردنی ئەو خاشـاک و خۆڵەی لە ناو گومەزەکاندایە ، دروسـتکردنی تابلۆ ی زانیاری و مێژووی بۆسـەر گومەزەکان تاوەکو گەشتیار بایەخی شـوێنەواری مێژووی بزانێت، پەرژین کردنی سنوری گۆرستانەکە لە ئاژەڵی گوندەکەو سـەگەبەرەڵاکانی ناوچەکە، دانانی پاسەوانو خزمەت گوزار لە ڕۆژانی هەینی بۆناوچەکە ، تاوەکو ناوچەکەلە ڕووی گەشتیارییەوە پێشکەوێت.

## ٢-٣.کاریگەری ژینگەی سروشتی و مرۆیی لەسەر شوێنەواری گۆمەزەکانی گۆڕستانی سەید خەلیل .

بیناسازی ئاینی مه بەست له دروستکردنی شوێنی خوا پەرستنی بۆنه ئایینیەکانە وەك مزگەوت و کڵێساو دێر و پەرستگاو تەکیە و خانەقاو گۆڕ و مەزارگە و قوتابخانەی ئایینی و خەڵوەتگە وجامەی کاکەییەکان له خۆده گرێت( بەهای ئەو جۆری بیناسازی بەوە دیاری دەکرێت کە چە ندین تایبەتمە ندی ئاینی و کۆمەڵایەتیان هەیە (کرام،۲۰۱۲، ۱۲)

لێرەدا ئەو خاڵە سەرەکیانە دەستنیشان دەکەین کە بونەتە هۆکاری لە ناو چوونی بیناسازی گومەزەکانی گۆڕستانی سەید خەلیل، ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تێکچوون و لە ناوچوونی کەرەستەی بینای گۆڕەکان بە هەر دوو هۆکاری سروشتی و مرۆیی کار لە شێوەو و پێکهاتەی بیناکان دەکات، تێگەیشتنمان لە بنەمای گشتیەکانی کاری نۆ ژەنکردنەوە و پاراستنی پێکهاتەی بینای گومەزەکان هەروەها زانینی بارودۆخی ژینگەیی شیبوونەوەی فیزیایی وکیمیایی کاتی شیبوونەوەی هە میشەیی و پێو یستی ئەو بارودۆخە ژینگەییانەی کە هۆکارن لە شیبوونەوە کە رەستەکانی بیناکان بریتین لە: ئاو، شێ ، کریستاڵبوون بەهۆی خوێ، پیسبوونی هەوا، گۆڕانی پلەی گەرمی، شیبوونەوە ( أغا،2017، 84.)

هۆکارە سروشتیەکان بە سەرچاوەیەکی سە رەکی لە ناوچوونی بیناسازی دادە نرێت ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەری لە ڕووی دەرەوە و ناوەوەی بینا کان کار لە کە رەستەکانی دەکەن و شیاندەکەنەوە، بیناسازی وەك هەمووشتەکانی سە ر ڕووی زەوی بە قۆناغی گە شەکردن و بە هێز بوون دا دەروات و دەگاتە لووتکەی خۆی دوای دەست بە داکشانە وە دەکات بەرەو لە ناوچوون دەچێت توخمە ژینگەیەکان کاریگەری نەرێنی لە سەر دروست دەکان وەکو تیشکی خۆر و باران و پلەی گە رمی وساردی دە بنە هۆی ئەوەی کەرەستەکان تووشی کشان و چوونەوەیەك دە بن تووشی شکان و پەیدا بوونی درز دەبن (النصاری ، فرج ،۲۰۱٦، ۳۰)

هۆکارە فیزیاییە کان درزەکان هۆ کاری سە رەکی تێکچوونی پێکهاتەی بیناکانن، بە دوو هۆ کار دروست دەبن وشێوەی جیاوازیان هەیە .هۆکارە نائەندازەییەکان ئەم هۆکارانە پەیدادەبن لە ئە نجامی بە رزونزمی لە پلەی گەرمی و ڕێژەی شێ و دزەکردنی بۆ بەشەکانی بینایەکە لەگەڵ شیبوونەوەی کەرەستەکانی بیناکان بە هۆی کۆنی ناو دیوارو سەقفەکان ڕوودەدات(اسعد:۲۰۲٤، ۸۳) .

دەرکەوتنی درز بە شێوەی جۆ راوجۆر لەدیوار و پێکهاتەی بیناپکەدا، لەبەرچاو نەگرتنی بارودۆخی ژینگە و کەشوهەوا کاریگەری لە سەر بیناکان دەبێت لە ڕووی ناووە دەرەوە، خزینی دیوار بەهۆی زۆری شێ، ئاو، پلەی گەرمی یان دزەکردنی ئاو بۆ ناو بناغەکە دەبێتە هۆی درز و دارمانی تەواو ی بیناکە ( الهیتی، االجباری ،2007 90) وێنەی ژمارە (۲۰)



وێنەی ژمارە (۲۰)
تێکچوونی دیوارەکانی ناوەوەی گومەزەکان بەهۆی زۆری شێ و دزەکردنی ئاو بۆ ژێر بیناکە
وێنە :توێژەر

زەمین لەرزە یەکێکە لە هۆکارەکانی لە ناووچون و وێرانبوونی بینا شوێنەوارو کەلە پووریەکان، هەروەکو چۆن لەساڵی ۲۰۱۷ و ۲۰۲٥ چەندین جار ناوچەکە ڕووبەڕووی زەمین لەرزەی بەهێز بۆتەوە. کاریگەری بایەلۆژیەکان وەک دەرکەوتنی گژو گیاو دارو لە ناو بیناو سەربان و دیوارەکانیان بە هۆی ئەو شێ و ئاوەی کە تێدایە یارمەتی گەشەی ڕووەکەکان دەدات دەبێتە هۆی گەورە بوون و بەهێزبوونی قەدەکانیان لە هەمانکات درز لە دیوارو سەقفی بیناکان دروستدەکات و تێکیان دەدات (عبدالله، ۲۰۱۱، ۲۱۳)، مێروگیانەوەرەکان ڕۆڵیان هەیە لە تێکچوونی ناوچە شوێنەواری و بیناکان.(المحاری،۲۰۱۷، ۱۳۳)

هۆکارە مرۆیەکان:

رۆڵی مرۆڤ لەهۆکارە سروشـــیەکانی کەمتر نییە کە دەبنە هۆی لە ناو چوونی بیناســـازیە شـــوێنەواری کەلەپوریەکان ، ڕەنگە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆلە ناو چوونی ناوچە شوێنەورایەکان بە هۆی شـەڕوجەنگەکانە کە توشی ناوچەکە دەبن ناوچەی گەرمیان و گوندی ســەیدخەلیل لەســاڵی (١٩٨٨)ز وێرانکراوە ناوچەکە چۆڵبووە ، هەروەها لەســاڵی( ١٩٩١)ز بە گوێرە قســەی شــایەد حاڵەکان لەکاتی کۆڕەوەکەدا خەڵکی خۆیان لەناو ئەم گومەزانەدا شـــاردۆتەوە لە لایەنە حکومەتی عێراقیەوە تۆپباران کراوون، هەروەها تاڵان و دزی کردن لە ناوچە شـوێنەواریەکان هۆکارێکی تری لە ناوچوونی گۆڕە شـوێنەواریەکانە گوایە ئەم گۆڕان شـوێنی خەزنەیە، کاولکاری بە هۆی نەبوونی ڕۆشـنبیری گشـتی خەڵکی گرنگی مێژوو و لایەنی نەتەوەی و ئایینی ئەم شـوێنەواران نازانێت، تێکیاندەدەن و شتیان لەسەر دەنووسن یاخود زۆرکات ئاگریان لە ناو دەکەنەو پاشماوەی تێفرێدەدەن (وێنەی ژمارە١٨ ) ئەم گوندە بە هۆی ئەوەی سـەرقاڵی ئاژەڵدراین مەڕوو بزنەکانیان لە سـەر ئەم گۆڕسـتان بڵاوە پێدەکەن ئەچنە ناو گومەزەکانەوە یان دەچنە سەر دیوارەکان ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ وێران بوونیان.

هەروەها سـەردانی کەران ئەم گۆڕانە زۆرکات ڕەچاوەی پاراسـتنی شـوێنەکە ناکەن لەڕووی پاکو خاوێنی و یاخود هەندێک گڵ و بەردی سـەرگۆڕەکان دەبات بە مەبەسـتی تەبەڕووک ئەمە هۆکارێک بۆتێکچوون لەناو چونیان. هەروەها پشـت گوێخسـتنی ئەم ناوچە شـــوێنەواریان لەلایەن داموودەزگا شـــوێنەواری، وەک پێوســـت ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە لە ڕوو پاســـەوانی چاو دێری و نۆژەنکردنەوەیان، هۆکارێکی تری لە ناو چوونیانە، ئەگەری چی لە ئێسـتادا بە ڕێوبەرایەتی شـوێنەواری گەرمیان دوو لەم گومەزانەی نۆژەنکردۆتەوە، جێگای دەستخۆشیە( أغا،٢٠١٧،١١١)

دەرئەنجام و پێشنیار:

١-گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە گرنگی ئەم گومەزانە لەڕووی مێژووی و شـــوێنەواریەوە دەردەخات کە مێژووەکەیان بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی زانستی لە نێوان ١٥٠ساڵ بۆ ١٠٠ساڵ دەبێت .

٢- ئەم گۆڕســـتانە تایبەت بە دوو چینی جیاوازی ناو کۆمەڵگا یەکێکیان کەســـانی ئایینی و پیاو چاکانن، دووەمیان ســـەردار و بەگزادەکانی جافە کەسانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بوون و خاون دیوەخان عەشیرەت بوون.

٣-گۆڕستانی سەید خەلیل بۆتە شوێنێکی گەشتیاری بۆ زیارەتکاران و ئەوکە سانەی کە دەیانەوێت گەشتو سەیران بکەن بە هۆی بوونی سەرچاوەی ئاو دارو درەخت سەردانی شوێنەکەدەکەن.

٤- لە ڕووی بیناسازیە ئەم گومەز و ئارامگایانە جۆرێکی تایبەتن بە بیناسـازی ڕەسـەنی ناوچەکە کە لەلایەن هۆزی جافەوە بیناکراوە وەک شاکارێکی هونەری بیناسازی ناوچەی گەرمیان دەرکەوتوون.

٥- لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەی بۆمان دەرکەوت سێ شـێوازی جیاواز لە بیناکردنی گومەزەکانی ئەم گوندەدا کراوە کە بریتیە لە بینا بازنەیی کە گومەزی قوچەکی هەیە، بینای چوارگۆشـەیی کە لە ناوەوە شـیوەکەی گۆڕاوە بە بازنەیی و گومەزی بازنەیی هەیە، سێیەم بینای چوارگۆشەیی کە لە هەرچواگۆشەکەی پایەی بەرزی بۆ کراوەو سەقفی نیە خەڵکی لادێکە بە چوارتاق نای دەبەن

٦-پێشـنیاردەکەین ئەم ناو چە شـوێنەوارە ئاینیە گرنگی پێبدرێت لە لایەن بە ڕێو بەرایەتی شـوێنەواری گەرمیان لەڕووی گەشـتیاری ئاینی و پاراســـتن و چاو دێری کردن ولە مەڕومالات گوندەکە و نۆژەنکردنەوەی گومەزەکان تاوەکو لە ڕووخانـدن بیان پارێزن. هەوڵدان بۆ ناساندنیان لەڕێگای ڕاگەیاندنەکان وبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری شوێنەواری لە ناو خەڵکی گوندەکان تاوە کو ئەم پاشماوە شوێنەواریان بە موڵکی خۆیان بزانن ، بۆئەوەی ناوچەکەیان ببێتە شوێنێکی گەشتیاری گرنگ بۆیان.

**سەرچاوەکان :-**

أغا، تمام محمد ماهير عباس،)2017(، طرق تدعيم وصيانة العناصر الحاملة لل بنية ألاثرية المتعرضة للضرر أثناء الكوارث حالة دراسية / القال ع في سوريا، رسالة ماجستير غير منشورة، كليه الهندسة المعماريه ، جامعة ديمشق، سوريا.

اســعد، جمال جميل ،(٢٠٢٤)کاری نۆژەنکردنەوەی بیناســـازی شـــوێنەواری و کەلەپووری لە هەرێمی کوردســـتان -عێراق. توێژینەوەیەکی مەیدانیە ، تێزی دکتۆرا بڵاو نەکراوە، زانکۆی سەلاح ددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی شوێنەوار، هەولێر .

-ئالەیی،عبداللە خورشید قادر، (٢٠٠٨) العمائر الإسلامية في العمادية ونواحيها حتى نهاية القرن الثاني عشرالهجري / الثامن عشر الميلادى، أطروحة دكتورا، منشورة كلية الاداب جامعة صلاح الدين -أربيل .

ئەمين، عە زيز ئە حمە د(2009)، كيمياى ژينگە پيســبوونى ئاووهەوا،بڵاوكراوەكانى ئە كاديمياى كورد، چاپخانە ى حاجى هاشـــم، هە ولێر.
-بەرزنجى ،مهدى جەلال مصــطفى، (٢٠٢٤)نەخش و زەخرەفەى ســەر كێلى گۆڕەكانى گومەزى ســلێمان پاشــاى بابان لەگردى سەيوان(شێخ مارف)، گۆڤارى زانكۆى سلێمان بەشى B، ژمارە ٧٦، بەگى ٢، سلێمانى .
- ثويني، على،(2004) معجم عمارة الشعوب الإسلامية أعلام ومعلومات، دار حوران، طبعة الأولى ، دمشق.
-خضرـ ئاراس أسـماعيل، البرادوسـتى، زيدان رشـيد خان اودل، (2016) قباب جنائزية في مدينة كفرى (نمازج مختارة) دراسـة اثرية معمارية،گۆڤارى زانكۆى ڕاپەڕين، ژمارە(٣) ڕاپەڕين.
-حەميد، ڕزگار حاجى ،(٢٠١٩) مێژووێكى دێرين وجوگرافياى شـــارێكى زيندوو،2012-1970 (لێكۆڵينەوەيەكە لە جوگرافياى مرۆڤيدا) چاپخانەى چوار چرا، چاپى دووەم، كوردستان.
-عبدالله، ابراهيم محمد،(2011)، عالج والصيانه المبانى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، ط1، السكندرية.
-رزق،عاصم محمد،(2000)معجم مصطلحات العمارة والفنون الإسلامية، مكتبة مدبولى طبعةالاولى ،قاهرة.
كرم، خالد محمد معاذ،(2012)، العمائر االسالمية واشهر معالمها، )https://www.alukah.net/.
المحارى، سـلمان احمد،( 2017)، حفظ المباني التاريخية مبان من مدينة المحرق، نشرــ حكومة الشــارقة (إيكروم- الشــارقة)، إلمارات العربية المتحدة.
لهيتي، احمد أمين، إلجبارى، احمد طارق،(2007)،دراسـات انهيار و تشـققات ألبنية المنفذ على التراب الطينية و طريق تدعيمها، المجلد العراقية للهندسة المدنية، عدد ،9 العراق.
-مصطفى، مهدى جلال (٢٠١١)، هونەرى نەخش و زەخرەفەى سەربەرد لە پارێزگاى هەولێر لەساڵى (١٧٠٠-١٩٠٠ز) ماستەرنامە بڵاو نەكراوە، زانكۆى سەلاح ددين ، كۆلێژى ئاداب ، بەشى شوێنەوار ، هەولێر.
-مصطفى: نەريمان،(٢٠٠٧) شۆڕى ئيبراهيم خانى دەلۆ ١٩٢٠،چاپى دووەم، گەرميان.
چاو پێكەوتن :
ئەحمد حاجى صالح عبدالقادر نەويجان، لەدايك بوون،(١٩٥٤) ٢٨-٢-٢٠٢٥ ، كەلار.
خاليد گەرميانى، لەدايك بوون،(١٩٧٦)، خەڵكى گوندى سەيد خەليل، ٢٦-٢-٢٠٢٥.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-101-SC- 19

# Construction of graves in Sayed Khalil village

# It is a field study. Selected examples

**Mahdi Jalal Mustafa Barzanji [1], Jaza Shorsh Hama Sharif [2], Asia Younis Abdulrahman[3]**

1- Department of Archaeology, Sulaimani University, College of Humanities
2- Department of Archaeology, Sulaimani University, College of Humanities
3- Archaeologist

**Article Info**

| Received | **April 2025** |
|---|---|
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

## Keywords

**Gumez, tomb architecture, environment, restoration, religious tourism**

**Corresponding Author**

Mahdi.mustafa@univsul.edu.iq
jaza.hamasharif@univsul.edu.iq
asiay610@gmail.com

## abstract

Sayed Khalil Village: Nestled just 7 kilometres north of Kalar district, it emerges as one of the most significant archaeological sites in the region. This historic village boasts approximately 24 domed tombs, each showcasing a unique architectural style that reflects the rich cultural tapestry of the area. These structures vary in form, with some taking on square shapes, others being elegantly circular, all adorned with splendid domed roofs. Notably, a third type of tomb remains uncovered, adding to the diversity of this remarkable site.

Both the interiors and exteriors of the domes are embellished with intricate arches and striking geometric patterns, signifying the artistic prowess of their creators. These architectural masterpieces serve as the final resting places for local leaders, including princes, Jaff leaders, and respected figures of the community, and are believed to date back to the late eighteenth and early nineteenth centuries.

This study aims to illuminate the mapping techniques pioneered by domes, meticulously detailing the architectural units of these tombs and the various materials employed in their construction. By showcasing a range of architectural examples of the domes, we seek to introduce the distinctive style of the tombs, as well as the inscriptions and maps that grace their walls